# Comparative Literature in the History of Literature: Ibrahim Ahmed Shwan's Old Kurdish Literature as An Example

Renas Khalis Nader[1], Kadhim sheikh Hussein[2]
[1] Soran University, [2] Soran University

DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.2695.02

Published: 16/8/2026

## *Abstract*
*This is a study on the comparative literature in the history of Kurdish literature with example of the book "Kurdish old history" by Ibrahim Ahmed Shwan. It is an attempt to demonstrate the literary comparison as a basis of histography and its reflection in the book. The aim of study is to demonstrate to what extent the basis of the literary comparison are shown in this historical book, and to what extent was the writer successful in the portrayal of literature and how he played the role in consolidating the histography and giving it a scientific and objective dimension. In this study, a descriptive, analytical- criticism method is used. The study is divided into two parts: the first part talks about the history and comparative literature and their relationship is demonstrated. In the second part, a literary comparison as a basis of histography is demonstrated and the extent of its success in portraying in the book are analyzed and assessed. Finally, it is demonstrated that the author of this book has resorted to literary comparison and got benefits from it. However, the principles of literary comparison were not followed properly in his histography, thus it is regarded as a flaw of his work.*

***Keyword***: *History of Literature, Literary comparison, Influence and being influenced, Kurdish Old Literature, Ibrahim Ahmed Shwan.*

# بەراوردی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەبدا
# بە نموونەی کتێبی (ئەدەبی کۆنی کوردی) ئیبراهیم ئەحمەد شوان

م. ی. ڕێناس خالص نادر [1] – د. کاظم شێخ حسێن [2]

[1,2] زانکۆی سۆران – فاکاڵتیی ئاداب - بەشی زمانی کوردی

**پوختە**

ئەم توێژینەوەیە لەبارەی بەراوردی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەب بە نموونەی کتێبی (ئەدەبی کۆنی کوردی) ئیبراهیم ئەحمەد شواندایە. هەوڵێکە بۆ نیشاندانی بەراوردی ئەدەبی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی و ڕەنگدانەوەی لەناو کتێبەکەدا، واتە ئامانج لێی نیشاندانی ئەوەیە کە بەراوردی ئەدەبی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسیی ئەدەبی لەم کتێبەدا تا چەند پەیڕەوی لێکراوە و لە پەیڕەوکردنیدا چەندە سەرکەوتوو بووە و ڕۆڵی هەبووە لە تۆکمەکردنی مێژوونووسیەکەدا و بەخشینی ڕەهەندێکی زانستی و بابەتیانە بە مێژوونووسی. بۆ ئەم مەبەستەش لە توێژینەوەکەدا پەیڕەوەی ڕێبازی (وەسفی ـ شیکاری ـ ڕەخنەیی) کراوە. بە گشتی توێژینەوەکە بەسەر دوو بەش دابەشکراوە؛ لە بەشی یەکەمدا، باس لە مێژووی ئەدەب و بەراوردی ئەدەبی و پەیوەندیی نێوانیان کراوە. لە بەشی دووەمیشدا، هەوڵدراوە بەراوردی ئەدەبی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی و ڕەنگدانەوەی لەناو کتێبەکەدا شیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی بۆ بکرێت و ئاستی سەرکەوتوویی لە بەکارهێنانی بەراوردی ئەدەبی لە کتێبەکەدا بخرێتەڕوو. لە کۆتاییدا ئەوە دەرخراوە کە نووسەر لە کتێبەکەیدا وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی پەنای بۆ بەراوردی ئەدەبی بردوە و سوودی لێ وەرگرتوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم بنەمایە بە تەواوی لە مێژوونووسیەکەدا پەیڕەوی لێنەکراوە و لەم ڕووەوە کەموکوڕیی هەیە.

**وشە کلیلیەکان:** مێژووی ئەدەب، بەراوری ئەدەبی،  کاریگەری و کارتێکردن، ئەدەبی کۆنی کوردی، ئیبراهیم ئەحمەد شوان.

## پێشەکی

لقەکانی ئەدەبیاتناسی هەریەکەیان سنووری کارکردنی خۆی هەیە و تایبەتن بە لێکۆڵینەوە لە لایەنێک لە لایەنەکانی ئەدەب، بەڵام ئەمە بە مانای ئەوە نیە کە ئەم لقانەی ئەدەبیاتناسی تێکەڵ بە یەکتر نابن و سوود بە یەکتر ناگەیەنن، بەڵکو پەیوەندیەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەیە و هەریەکەیان لە ڕەوتی کاری خۆیدا سوود لەوانی تر وەردەگرێت. بەراوردی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبیش لەو دوو لقانەی ئەدەبیاتناسین، کە پەیوەندیەکی تۆکمە لە نێوانیاندا هەیە و مێژووی ئەدەب بەبێ سوودوەرگرتن لە بەراوردی ئەدەبی ناتوانێت مێژوویەکی تۆکمە و باوەڕپێکراو بەدەستەوەبدات.

- **ناونیشانی توێژینەوە:** بریتیە لە (بەراوردی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەبدا بە نموونەی کتێبی "ئەدەبی کۆنی کوردی" ئیبراهیم ئەحمەد شوان)، هەوڵێکە بۆ نیشاندان و خستنەڕووی بەراوردی ئەدەبی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی و چۆنیەتیی ڕەنگدانەوەی لەناو کتێبەکەدا و ئاستی پەیڕەوکردنی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی و دواجار سەرکەوتنی لە پەیڕەوکردنیدا.

- **هۆی هەڵبژاردنی بابەت:** بۆ چەند هۆکارێک دەگەڕێتەوە لەوانە:

- نەبوونی توێژینەوەیەکی تایبەت بە ڕۆڵی بەراوردی ئەدەبی لە نووسینەوەی  مێژووی ئەدەبدا.

- گرنگیی بەراوردی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەبدا، کە دەتوانێت مێژوویەکی تۆکمەتر و باوەڕپێکراوتر بەدەستەوەبدات.

- **ڕێبازی توێژینەوەکە:** بریتیە لە (وەسفی - شیکاری - ڕەخنەیی).

- **سنوور و چوارچێوەی توێژینەوەکە:** تەنیا لە سنووری کتێبی (ئەدەبی کۆنی کوردی) ئیبراهیم ئەحمەد شواندایە.

**. گرنگیی توێژینەوەکە:** گرنگیی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە دەتوانێت ببێتە بەرچاوڕوونیەک بۆ هەموو ئەو کەسانەی دەیانەوێت دەست بۆ نووسینەوەی مێژووی ئەدەب ببەن، سوودی لێوەربگرن، بۆ ئەوەی بتوانن مێژوویەکی زانستی و بابەتی و باوەڕپێکراو و تۆکمە بنووسنەوە.

**پرسیارەکانی توێژینەوە:**

- ئایا لەم کتێبەدا وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی بردراوە و سوودی لێوەرگیراوە؟
- ئایا بۆ نیشاندانی بەشێک لە سەرچاوە مەعریفیەکانی شاعیرەکان و شکڵگرتن و پێگەیشتنیان، وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی بردراوە؟
- ئایا بەراوردەکان یەکسەرەن یاخود دووسەرە؟ واتە تەنها باس لە کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر لەسەر ئەدەبی کوردی کراوە، یاخود کاریگەریی ئەدەبی کوردیش لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تر نیشاندراوە؟

**. ناوەرۆکی توێژینەوەکە:** ئەم توێژینەوەیە بە گشتی بەسەر دوو بەش دابەشکراوە؛ لە بەشی یەکەمدا، هەوڵدراوە مێژووی ئەدەب و بەراوردی ئەدەبی بناسێندرێن و دواتر ڕۆڵی بەراوردی ئەدەبی لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا بخرێتەڕوو. لە بەشی دووەمدا، کە بەشی کارەکیی لێکۆڵینەوەیە، لە سەرەتا هەوڵدراوە کتێبی (ئەدەبی کۆنی کوردی) وەکو کتێبێک لەبارەی مێژووی ئەدەب بناسێندرێت، دواتر هەوڵدراوە بەپێی بنەماکانی مێژوونووسی و سروشت و هەڵکەوتەی ئەدەبی کۆنی کوردی و دەرکەوتنی بەراوردی ئەدەبی لەناو کتێبەکەدا، دەستنیشانی حاڵەتەکانی سوودلێوەرگرتن لە بەراوردی ئەدەبی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی بکرێت و شیکردنەوە بۆ حاڵەتەکان بکرێت.

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا ئەو ئەنجامانەی لە توێژینەوەکەدا پێی گەیشتووین لەگەڵ لیستی سەرچاوەکان خراونەتەڕوو.

## ١ـ بەشی یەکەم

### ١ـ١ مێژووی ئەدەب

ئەدەبیاتی هەر نەتەوە و میللەتێک سەرەتایەک و ڕەوتێکی گۆڕان و فراژی هەیە، ئەو ئەدەبەی لە سەرەتای سەهەڵدانیەوە لەئارادابووە لە قۆناغەکانی دواتردا هەمان ئەو ئەدەبە نیە و فراژی کردوە، لە هەر سەردەم و قۆناغێکدا جۆرێک لە ئەدەبیات لەئارادابووە، کە هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و زەوق و سەلیقە و چێژی ئیستێتیکای ئەو سەردەم و قۆناغە، ئەم جۆرە ئەدەبەی خواستوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات، کە ئەدەبیاتی هەر نەتەوە و میللەتێک لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە تا بە ئەمڕۆ دەگات مێژوویەکی هەیە. کە دەڵێن ئەدەب مێژوویەکی هەیە، واتە ئەدەب بەرهەمێکی مێژوومەندە، چونکە ئەو ئەدەبەی لە سەرەتای سەرهەڵدانیەوە هەبووە هەمان ئەو ئەدەبە نیە، کە ئێستا هەیە، بۆیە بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمێکی نامێژوویی نیە، کە دەڵێین نامێژوویی نیە بەو واتایەی کە ئەدەبی کوردی بۆ نموونە، لە سەدەی یازدە و دوازدەی زاینیدا لەگەڵ ئەدەبی کوردیی سەدەی بیست و بیست و یەک جیایە، ئەدەبێکە لەگەڵ ڕەوتی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵگا ئەویش گۆڕانی بەسەرداهاتوە و لە یەک باردا نەماوەتەوە، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمێکی مێژوومەندە و ڕەوتێکی مێژوویی هەیە، ئەم ڕەوتە مێژووییەش دواجار دەبێتە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکە، بوارێک یان لقێک لە لقەکانی ئەدەبیاتناسی کە ئەم مێژووەمان بۆ دەردەخات بریتیە لە مێژووی ئەدەب. لەم بارەوە (محمد مندور) دەڵێت: ((مێژووی ئەدەب کاتێک دێتەکایەوە کە مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک کۆببێتەوە تا بتوانێت پۆشاکێکی مێژوویی لەبەربکرێت)) (سلطانی، 1380:408)، کەواتە کۆکردنەوەی ڕابردووی ئەدەبی نەتەوەیەک و نیشاندانی لە ڕەوتێکی مێژووییدا کاری مێژوونووسی ئەدەب پێکدەهێنن.

سەرەڕای ئەو گرنگیەی مێژووی ئەدەب لە بواری ئەدەبدا هەیەتی، زۆرێک لە لێکۆڵەرانی بواری ئەدەب دژی مێژووی ئەدەب و مێژوومەندکردنی بەرهەمی ئەدەبی دەوەستنەوە، چونکە (مێژوو) و (ئەدەب) بە دوو بواری دژبەیەک دادەنێن و پێیانوایە مێژوو وابەستەی کات و زەمانە، بەڵام بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمێکی سەرووزەمەنیە و وابەستەی کات و زەمان نیە. بە واتایەکی تر، ئەوان بەرهەمی ئەدەبی بە دیاردەیەکی ئەزەلی و ئەبەدی و سەروومێژوویی دادەنێن. پێیانوایە، کە ئەدەبیات لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ ئەزەلی و ئەبەدیەتی تێدا هەبووە، بوونێکی نەگۆڕ و نەمری هەیە، بۆیە دواجار پێیانوایە نووسینەوەی مێژوو بۆ شتێک کە هەمیشە زیندووە، ئەزەلی و ئەبەدی و نەگۆڕ و شتێکی نەکردەیە. هەریەکە لە (ئەمرسن، والترپین کار، شۆپنهاور، کرۆچە، ... تاد) لەو لێکۆڵەرانەن کە دژی  مێژووی ئەدەبی دەوەستنەوە (فتوحی، 1387: 33 ـ 34). وەک پێشتر خستمانەڕوو بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمێکی مێژوویی و مێژوومەندە دەکرێت بخرێتە چوارچێوەیەکی مێژووییەوە، سەرەتایەکی هەیە و بەردەوام لە گۆڕاندایە، کەواتە وەک دەگوترێت ئەدەب ئەزەلی و ئەبەدی و نەگۆڕ نیە، بەڵام ئەوەندە هەیە بگوترێت: ((بابەتی لێکۆڵینەوەکانی مێژوونووسان تایبەتە بە ڕابردوو ـ ڕابردوویەک کە بێجگە لە کۆمەڵێک نیشانە و پاشماوە هیچی لێ نەماوەتەوە و بە هاوکاریی ئەو ئاسەوار و پاشماوانە وێنایەکی لێوە دەدرێ بە دەستەوە، بابەتی مێژووی ئەدەبیش پەیوەستە بە ڕابردوو، ڕابردوویەک کە بەجێماوە. ئەدەب هاوکات، هەم ڕابردووە، هەم ئێستایە، هەم داهاتووە، بەرهەمە ئەدەبیەکان بەردەوام ئامادەن و بەردەوام خاوەنی تایبەتمەندیی چالاکن و بۆ دنیای مرۆڤایەتی و شارستانی، سەرچاوەی ئیمکاناتی بێکۆتایی و هاندانی هونەری و ئەخلاقین)) (سمیعی،1384 :158). لەلایەکی تریشەوە، دەبێت بگوترێت: ((وشەی مێژوو لە ناونیشانی مێژووی ئەدەبدا بە واتای باو و ئاساییەکەی خۆی نایەت و مانا باو و ئاساییەکەی ناگەیەنێت تاوەکو نیشاندەری دەرکەوتن و هەبوون و لەناوچوون و بەرهەستبوونی بەرهەمی ئەدەبی لە کاتێکی دیاریکراو لە ڕەوتی بەردەوامی کاتدا بێت. وشەی

مێژوو لە مێژووی ئەدەبدا تەنیا دەتوانێت دەرخەری ئەو ڕاستیە بێت، کە مێژووی ئەدەب دەرکەوتنی بەرهەمی ئەدەبی بەپێی پێش و پاشی (تقدم و تأخر) دەرکەوتن و بەردەوامیی هەبوونیان لە ڕەوتی کاتدا دەخاتە بەرباس و لێکۆڵینەوە، ئەڵبەتە ئەو پێش و پاشە (تقدم و تأخر) نیشاندەری نەبوون و لەناوچوونی بەرهەم لە ماوەی سەردەم و مەرگی ئەوان نیە)) (سیدی، 1389: 108)، کەواتە بەرهەمی ئەدەبی بە هەر جۆر و شێوەیەک بێت، بەرهەمێکی مێژوومەندە دەتوانرێت لە ڕەوتێکی مێژووییدا پیشانبدرێت، مێژووەکەی بنووسرێتەوە. هەر ئەم درککردنەی لێکۆڵەرانی ئەدەبیش بووە بەوەی کە بەرهەمی ئەدەبی بەرهەمێکی مێژوومەندە، بۆیە دەبێت بۆ زیاتر تێگەیشتن لە چیەتیی ئەدەب، مێژووی ئەدەب بنووسرێتەوە، تەنانەت بیکەن بە یەکێک لە لقە سەرەکیەکانی ئەدەبیاتناسی. بۆ زیاتر تێگەیشتن لە مێژووی ئەدەب و چیەتیی مێژووی ئەدەب چەند پێناسەیەک کە لەلایەن لێکۆڵەران و نووسەران و ڕەخنەگرانی بواری ئەدەب بۆ مێژووی ئەدەب کراون، دەخەینەڕوو:

د. شوقی ضیف لە پێناسەکردنی مێژووی ئەدەبدا دەڵێت: ((ئەم مێژووە باس لە گۆڕان و وەرچەرخان و هەوراز و نشێو و لاوازیەکانی ئەو "ئەدەب" دەکات)) (سلطانی، 1380: 407). مێژوونووسی ئەدەبی لە کاتی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی نەتەوەیەک ڕووبەڕووی گۆڕانی ئەدەب و بەهێزی و لاوازیەکانی ئەو ئەدەبە دەبێتەوە  و ئەمەش لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەکە تۆماردەکات، دەینووسێتەوە، یاخود مێژووی ئەدەب بریتیە لە: ((نیشاندانی ڕووداوە ئەدەبیەکان لە ڕێی گۆڕانە مێژووییەکانەوە. کتێبێک کە ئەم ئاڵوگۆڕانە، بەش بە بەش و بە وردی دەگێڕێتەوە)) (جمعی از نویسندگان، 1384: 8. بە وەرگرتن لە: عەبدولغەفوور, 2013: 50). بریتیە لە کتێبی مێژووی ئەدەب. لە پێناسەیەکی تردا هاتوە: ((مێژووی ئەدەب بەشێکە لە مێژووی شارستانیەت. ئەدەبی هەر نەتەوە و میلەتێک لایەن و ڕوخسارێکە لە ژیانی ئەو نەتەوە و میللەتە. هەموو جووڵانی هزری و سۆزەکان کە لە ڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکاندا ڕەنگدەدەنەوە یان لە

دامەزراوەکاندا جێگیردەکرێن، سەرەڕای ئەمەش هەموو ژیانی دەروونیی پڕ لە نهێنی و ئەو ناخۆشی و خەونانەی تێدا تۆماردەکرێن، کە ناتوانن بێنەدی. چونکە لە بنەڕەتدا میتۆدی ئێمە میتۆدی مێژووییە)) (سمیعی، 1384: 157 ـ 158). ئەم پێناسەیە لە ڕوانینێکی زۆر گشتیەوە سەیری مێژووی ئەدەبی کردوە و کەمتر بەلای مێژووی ئەدەب وەکو پرۆسەی لێکۆڵینەوە و نووسینەوە ڕۆیشتوە.

مێژووی ئەدەب بریتیە لە: ((چیرۆکی گەشەسەندن و گۆڕانی ئەدەب بە تێپەڕبوونی کات، بە شێوەیەک کە هۆ و هۆکارەکانی گۆڕان و پەیوەندیی نێوان ڕووداوە ئەدەبیەکان لێکبداتەوە و شیبکاتەوە)) (فتوحی، 1387: 32). ئەمانە و چەندین پێناسەی تریش بۆ مێژووی ئەدەب خراونەتەڕوو و هەریەکەیان بەشێک لە مانا و مەفهومی چیەتیی مێژووی ئەدەبمان بۆ دەخەنەڕوو.

**١ـ٢ بەراوری ئەدەبی**

لە ڕووی زاراوەوە بەراوردی ئەدەبی لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی Comparative Literature و لە زمانی فەرەنسیدا Comparee Literatureی بۆ بەکاردێت (پروار، 1397: 18) لە زمانی عەرەبیشدا (الادب المقارن) و لە زمانی فارسیشدا (ادبیات تطبیقی) لە زمانی کوردیشدا هەریەکە لە زاراوەکانی (ئەدەبی بەراوردکاری، ئەدەبی بەراورد و بەراوردی ئەدەبی)ی بۆ بەکاردێت.

لە ڕووی چەمکیشەوە بەراوردی ئەدەبی چەمکێکی فراوانە و لە هەریەک لە قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی خاوەنی مانا و مەفهوومێکی تایبەتی خۆیەتی، چونکە هەریەکە لە قوتابخانەکانی بەراوردی ئەدەبی خاوەن دید و تێڕوانینی خۆیانن و کۆمەڵێک میکانیزم و بنەمای تایبەتیان بۆ داناوە، دواجار ئەمەش بووەتە هۆی فراوانیی چەمکی بەراوردی ئەدەبی و مەودای کارکردنی. قوتابخانەکانە سەرەکیەکانی بەراوردی ئەدەبی بریتین لە: قوتابخانەی (فەرەنسی، ئەمریکی، سلاڤی)، بۆ بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنی زیاتر لە چەمکی بەراوردی ئەدەبی سەرەتا لە ڕوانگەی قوتابخانەی ئەمریکی و سلاڤی پێناسەی بەراوردی ئەدەبی دەکەین، دواتر دێینە سەر پێناسەی

قوتابخانەی فەرەنسی، چونکە کاری سەرەکی لەم توێژینەوەیەدا لە چوارچێوەی قوتابخانەی فەرەنسیدایە و ئەوەی لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا ڕۆڵدەبینێت قوتابخانەی فەرەنسیە.

جیرمۆنسکی لە پێناسەکردنی بەراوری ئەدەبیدا دەڵێت: ((زانستی ئەدەبی بەراوردکاری زانستێکە لە گەشەکردنی ئەدەبە نەتەوەییەکان دەکۆڵێتەوە، بە لەبەرچاوگرتنی کارلێکی ڕۆشنبیری بەردەوامی نێوان ئەو نەتەوانە و لە چوارچێوەی ئەو ئەدەبە جیهانیەی، کە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا یەکدەخات)) (عەبدوڵلا، ٢٠٠٨: ٦٢)، ئەم پێناسەیە لە ڕوانگەی قوتابخانەی سلاڤی لە بەراوردی ئەدەبی دەڕوانێت، ڕوانگەی بنەڕەتیی ئەم قوتابخانەیەش لەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم بۆ بەراوردی ئەدەبی بنیادنراوە.

هێنری ریماک لەبارەی بەراوردی ئەدەبی دەڵێت: بەراوردی ئەدەبی واتە ((لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی ئەدەبیات لە لایەک و بوارەکانی تری زانستی مرۆیی، وەکو هونەرە جوانەکان، فەلسەفە، مێژوو، زانستی کۆمەڵایەتی، زانستە سروشتیەکان، ئاین و هاوشێوەکانی، لە لایەکی ترەوە)) (پروار، 1397: 17). هێنری ریماک لەژێر ڕۆشنایی قوتابخانەی ئەمریکی لە بەراوردی ئەدەبی دەڕوانێت و مەودای کارکردنی بەراوردی ئەدەبی فراواندەکات، کە مەرج نیە تەنیا ئەدەب بە ئەدەب بەراوردبکرێت، کە ئەمە ڕوانگەی قوتابخانەی فەرەنسی بوو، بەڵکو دەکرێت ئەدەب لەگەڵ هەموو بوارەکانی تری زانست و کایەکانی تریش بەراوردبکرێت.

لە ڕوانگەی قوتابخانەی فەرەنسیەوە کۆمەڵێک پێناسە بۆ بەراوردی ئەدەبی خروانەتەڕوو، لێرە چەند پێناسەیەک دەخەینەڕوو: عەزیز گەردی دەڵێت: (("ئەدەبی بەراوردکاری" لە ڕووی زانستیەوە بۆ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بەکاردێ کە ئیشی دۆزینەوە و ساغ کردنەوە و ڕوون کردنەوەی کاریگەری نێوان ئەو ئەدەبانەیە کە کاریان لە یەک کردووە و سوودیان بە یەک گەیاندووە)) (گەردی، 1978: 14). لە هەمان ڕوانگەوە (محمد غنیمی هلال) پێناسەی بەراوردی ئەدەبی دەکات و دەڵێت: بەراوردی ئەدەبی بریتیە لە ((لێکۆڵینەوە لە بابەتی بە یەک

گەیشتنی ئەدەبەکان لە زمانە جیاوازەکاندا، دۆزینەوەی پەیوەندییە ئاڵۆز و ناڕوون و هەمە جۆرەکانی ئەدەب لە ڕابردوو و ئێستادا، بە شێوەیەکی گشتی خستنەڕووی ئەو ڕۆڵەی کە پەیوەندییە مێژووییەکان لە کارتێکردن و کاریگەربووندا هەیانە، چ لە لایەنی بنەما هونەرییەکان لە ڕێبازە ئەدەبییە جۆراوجۆرەکاندا و چ لەڕوانگەی ڕەوتە فکرییەکان)) (هلال، 1390: 32). بە هەمان شێوە (طه ندا) لە پێناسەکردنی بەراوری ئەدەبیدا دەڵێت: ((لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی مێژوویی ئەدەبیاتی نەتەوەییە لەگەڵ ئەدەبیاتی زمانەکانی تر، چۆن ئەدەبیاتی وڵاتێک لەگەڵ ئەدەبیاتی سەرزەمینەکانی تر پەیوەندی دەبێت و کار لە یەکتر دەکەن؟ ئەدەبیاتی ناوبراو چی وەرگرتوە و چی بەخشیوە؟ لەم ڕووەوە بەراوردی ئەدەبی گوزارشتکەر و دەربڕی گواستنەوەی دیاردە ئەدەبییەکانە لە نەتەوەیەکەوە بۆ ئەدەبیاتی نەتەوەکانی تر)) (ندا، 1393: 25 ـ 26). بە سەرنجدان لە هەموو ئەو پێناسانەی بۆ قوتابخانەی فەڕەنسی خستماننەڕوو، دەبینین ئەم قوتابخانەیە کاری بەراوردکاری لە نێوان دوو ئەدەب یان چەند ئەدەبێکدا دەکات، بە مەرجێک ئەم دوو یا چەند ئەدەبانە سەر بە زمانی جیاواز بن و پەیوەندیەکی مێژوویی لە نێوانیاندا هەبێت، لەم پەیوەندیە مێژووییەدا جۆرێک لە کاریگەری و کارتێکردن لە نێوان ئەم ئەدەبانەدا هاتبێتەکایەوە، ئەگەرنا ناچێتە خانەی بەراوری ئەدەبیەوە.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین بەراوردی ئەدەبی بەبێ لەبەرچاوگرتنی ڕوانگەی قوتابخانەکان بە گشتی بریتیە لە لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاری لە نێوان ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان و دەرخستنی خاڵە لێکچوو و جیاوازەکانیان.

**١ـ٣ بەراوردی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەبدا**

هەریەکە لە لقەکانی ئەدەبیاتناسی سنوور و چوارچێوە و ئەرک و کاری تایبەت بە خۆی هەیە و بەجیا هەریەکەیان خەریکی لێکۆڵینەوەن لە لایەنێک لە لایەنەکانی ئەدەبیات و بە هەموویان چیەتیی ئەدەبمان بۆ ڕووندەکەنەوە. کە دەڵێین: لقەکانی ئەدەبیاتناسی هەریەکە سنوور و

چوارچێوەی تایبەت بە خۆی هەیە، ئەمە بە مانای ئەوە نیە، کە تێکەڵ بە یەکتر نابن و سوود لە یەکتر وەرناگرن، بەڵکو هەموویان لە چوارچێوەی ڕەوتی کاری خۆیان پەنا دەبەنە بەر یەکتر و سوود لە یەکتر وەردەگرن و تێکەڵ بە یەکتر دەبن، چونکە دواجار کارکردنی هەموویان دەچێتەوە سەر یەک ڕەگ، ئەویش ئەدەبە، ئەمەش وای کردوە پەیوەندیەکی بەهێز لە نێوانیاندا هەبێت و تێکەڵ بە یەکتر بن. تەنانەت لقەکانی ئەدەبیاتناسی زۆرجار لە ڕەوتی کاری خۆیاندا بەبێ سوودوەرگرتن لە یەکتر ناتوانن کاربکەن و کارەکەیان بە تەواوی بۆ مەیسەر نابێت، ئەگەر کارەکە بە ئەنجامیش بگات دواجار کارێکی ناتەواو و ناکامڵە.

ئەوەی لێرەدا جێی باسی توێژینەوەکەیە، سەرەنجخستنەسەر پەیوەندیی نێوان بەراوردی ئەدەبی و مێژووی ئەدەبە، بزانرێت ڕۆڵی بەراوردی ئەدەبی لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا چیە و لە کوێ بەراوردی ئەدەبی دەتوانێت خزمەت بە مێژووی ئەدەب بکات. لەم دابەشکردنە نوێیەی کە بۆ لقەکانی ئەدەبیاتناسی کراوە، بەراوردی ئەدەبی بە لقێکی سەربەخۆی ئەدەبیاتناسی لە پاڵ هەریەکە لە لقەکانی تری ئەدەبیاتناسی (ڕەخنەی ئەدەبی، تیۆری ئەدەب، مێژوی ئەدەب، ئیستێتیکا) دانراوە، بەڵام لە دابەشکردنە کۆنەکەدا کە سێ لقە سەرەکیەکانی ئەدەبیاتناسی (ڕەخنەی ئەدەب، تیۆری ئەدەب، مێژووی ئەدەب) لەخۆدەگرێت، بەراوردی ئەدەبی هەندێکجار بە بەشێک لە ڕەخنەی ئەدەب و زۆرجاریش بە بەشێک لە مێژووی ئەدەب هەژمارکراوە، ئەمەش پەیوەندیی بەهێزی بەراوردی ئەدەبی لەگەڵ مێژووی ئەدەبدا دەسەلمێنێت. لە زۆرێک لە پێناسەکانی بەراوردی ئەدەبیدا ئەمە ڕەنگیداوتەوە و بە بەشێک لە مێژووی ئەدەب دانراوە. بۆ نموونە ژان ماری کارە لە پێناسەکردنی ئەدەبی بەراودکاریدا دەڵێت: ((ئەدەبیاتی بەراوردکاری تەنیا لە لێکۆڵینەوە و بەراوردکردنی دوو یان چەند ئەدەبیاتێک ئەویش لە کات و شوێنە جیاوازەکاندا کورتنابێتەوە، بەڵکو بەراوردی ئەدەبی لقێکە لە لقەکانی مێژووی ئەدەب کە لە پەیوەندیی ڕۆحی نێوان نەتەوەکان و پەیوەندیی نێوان بەرهەمی ئەدەبی جیهان بە گشتی و

سەرچاوە و چۆنیەتیی کاریگەریی نووسەرە جیاوازەکان لە ئەدەبیاتی بێگانە دەکۆڵێتەوە)) (مقدسی، 1386: 8). فرانسوا گویاریش بە هەمان شێوە بەراوردی ئەدەبی بە بەشێک لە مێژووی ئەدەب دادەنێت و دەڵێت: ((بەراوردی ئەدەبی لقێکە لە مێژووی ئەدەب، واتە خوێندنەوە و لێکۆڵینەوەی پەیوەندیی مەعنەویی نێونەتەوەیی و ئەو پەیوەندیە کارەکیانەی کە هەن (لە نێوان نووسەران و بەرهەمی ئەدەبی) و پەیوەست بە چەندین ئەدەبیاتی جۆراوجۆر)) (قاسم زادە، 1396:22). جیا لەمە یەکێک لە سوود و گرنگیەکانی بەراوردی ئەدەبی ئەوەیە، کە ئەو کەلێن و بۆشاییەی جاران لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا هەبوو و لا لە کاریگەری و سەرچاوە دەرەکیەکانی ئەدەبەکە نەدەکرایەوە، بەراوردی ئەدەبی توانی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و کاریگەریی ئەدەبەکانی تر لەسەر ئەدەبەکە دەستنیشانبکات. ئەمەش نیشاندەری پەیوەندیی بەهێزی نێوان مێژووی ئەدەب و بەراوری ئەدەبییە.

تا ئێرە بە گشتی باسمان لە پەیوەندیی مێژووی ئەدەب و بەراوردی ئەدەبی کرد، ئەوەی ماوەتەوە باسکردنە لە ڕۆڵی بەراوردی ئەدەبی لە مێژووی ئەدەبدا، بەڵام بەرلەوەی بێینە سەر ئەو باسە پێویستە ئەوە ڕوونبکەینەوە، کاتێک باس لە بەراوردی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەبدا دەکەین زیاتر مەبەستمان لە قوتابخانەی فەڕەنسییە لەناو بەراوردی ئەدەبی، چونکە لە مێژووی ئەدەبدا کاتێک پەنادەبرێتەبەر بەراوری ئەدەبی، بۆ نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبەکانی ترە لەسەر ئەدەبەکە و لە هەمانکاتدا کاریگەریی ئەو ئەدەبە لەسەر ئەدەبەکانی تر، لە بەراوری ئەدەبیشدا قوتابخانەیەک کە کار لەسەر پەیوەندیی کاریگەری و کارتێکردن لەنێوان ئەدەبی نەتەوە جیاوازەکان دەکات قوتابخانەی فەڕەنسییە، لە قوتابخانەی فەڕەنسیدا ئەو ئەدەبانەی بەراورد لەنێوانیان دەکرێت دەبێت سەر بە دوو زمانی جیاواز بن و پەیوەندیەکی مێژوویی لە نێوانیاندا هەبێت و لەو پەیوەندیە مێژووییە جۆرێک لە کاریگەری و کارتێکردن لە نێوانیاندا ڕوویدابێت، ئەگەرنا بەپێی ئەو قوتابخانەیە لێکۆڵینەوەکە ناچێتە ناو خانەی بەراوری ئەدەبیەوە، هەرچی دوو

قوتابخانە سەرەکیەکەی تری بەراوری ئەدەبین (ئەمریکی و سلاڤی) کار لەسەر کاریگەری و کارتێکردن ناکەن، تەنانەت قوتابخانەی ئەمریکی دژی بنەمای کاریگەری و کارتێکردن دەوەستێتەوە، قوتابخانەی سلاڤیش لەسەر بنەمای فەلسەفەی مارکسیزم هەموو شتێک بە ژێرخان و سەرخان دەبەستێتەوە و پێیوایە ئەگەر کاریگەری لەنێوان ئەدەبەکانیش هەبێت، دەبێت ژێرخانی کۆمەڵگاکان هاوشێوەی یەکتر بن، بۆ ئەوەی ئامادەی وەرگرتنی کاریگەریەکان بن، بۆیە قوتابخانەی سلاڤیش بە هەمان شێوەی قوتابخانەی ئەمریکی کار لەسەر پەیوەندیی کاریگەری و کارتێکردن ناکات. جیا لەمە دەبێت ئەوەش بوترێت کاتێک باس لە بەراوردی ئەدەبی دەکرێت، ڕاستەوخۆ بابەتی کاریگەری و کارتێکردنمان بەمێشکدادێت، مەبەستمانە بڵێین قوتابخانەی فەرەنسی بووە بە ناسنامە بۆ بەراوردی ئەدەبی لە ڕوخسارە گشتیەکەدا بەراوردی ئەدەبی خۆی لە قوتابخانەی فەرەنسیدا دەبینێتەوە.

ئەدەبی هەر نەتەوە و میللەتێک لە ڕەوتی مێژوویی خۆیدا پەیوەندی لەگەڵ ئەدەبی نەتەوەکانی تر دروستدەکات و جۆرێک لە کاریگەری و کارتێکردن لە نێوانیاندا دێتەکایەوە، ئەمەش زیندوویەتیەک بە ئەدەبەکە دەبەخشێت و نایەڵێت لە کاروانی گەشە و گۆڕانی ئەدەبی نەتەوەکانی تری جیهان دوابکەوێت و داببڕێت، کەواتە بەشێک لە سەرچاوەکانی ئەدەبیی هەر نەتەوەیەک و شکڵگرتنی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک پەیوەستە بە کاریگەریی ئەدەبەکانی دیکە لەسەر ئەدەبەکە، بۆیە لەسەر مێژوونووسی ئەدەبی پێویستە لە کاتی نووسینەوەی مێژووی ئەدەبەکە ئاوڕ لە کاریگەریی ئەدەبەکانی دیکە لەسەر ئەدەبەکە بداتەوە. ((یەکێک لەو مەسەلە هەستیارانە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا دێتەئاراوە مەسەلەی پەیوەندی نێوان بەرهەمە ئەدەبییەکان یان بە دەربڕینێکی تر پێوەندی نێوان کولتوورەکان و نووسەرەکان و ... هتد، یە)) (عەبدولغەفوور، 2013: 78)، ئەمەش ئەوە دەخوازێت کە ((مێژووی ئەدەب ... نابێ لە ڕوانگەی ئەدەبی نەتەوەیی دوور لە ئەدەبەکانی تر سەیر بکرێت، بەڵکو پێویستە مێژوونووسی ئەدەب بە دوای پێوەندییەکان

بکەوێ، بە تایبەتی پێوەندیی دەرەکی و چەندە بە بزوتنەوە ئەدەبییەکانی جیهانی کاریگەر بووە)). (مەعروف، 2007: 67) لە باری ڕەچاونەکردنی کاریگەریی ئەدەبەکانی تر لەسەر ئەدەبەکە، ئەوا مێژوویێکی ناتەواو و ناکامڵ دەنووسرێتەوە و بەدەستەوەدەدرێت. هەروەک جان جاک ئەمپێر لەم بارەیەوە دەڵێت: ((بەرێزان ئێمە لێکۆڵینەوەی بەراوردکاری ئەنجامدەدەین، لێکۆڵینەوەیەک کە بەبێ ئەو مێژووی ئەدەبیات ناتەواوە)) (هلال، 1390: 34). جیا لەمە ئەگەر ئێمە سەرنج لەو چوارچێوانە بدەین کە بەراوردی ئەدەبی لێیان دەکۆڵێتەوە، زیاتر درک بە گرنگیی ڕۆڵی بەراوردی ئەدەبی لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا دەکەین، چوارچێوەکانیش بریتین لە:

1. لێکۆڵینەوە لە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیەکی دیاریکراو و نیشاندانی کاریگەری و کاتێکەریەکانی و هۆکارەکانی.

2. لێکۆڵینەوە لە شاعیر یا نووسەرێک، کە کەوتووەتە ژێر کاریگەریی ئەدەبی بێگانە و دەستنیشانکردنی سەرچاوەی کاریگەریەکە.

3. تێگەیشتنێکی ڕوون لە ئالوگۆڕی هونەرێکی گرنگی وەک ڕەخنەی ئەدەبی.

٤. لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندنی ژانرێکی ئەدەبی دیاریکراو، لەناو ئەدەبە جیاوازەکاندا و دیاریکردنی سەرچاوەی ژانرە دیاریکراوەکە.

5. لە حەکایەتی مرۆیی و ئەفسانەی ئەدەبە جیاوازەکان دەکۆڵێتەوە.

6. لێکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ڕێبازێکی ئەدەبی، کە لە هەندێک لە ئەدەبە جیاوازەکان بەدیهاتوە.

7. لێکۆڵینەوە لە شاعیر یان نووسەرێک کە بەرهەمەکانی سنووری ئەدەبی نەتەوەییان بەزاندوە و نیشاندانی کاریگەریی بەرهەمەکانی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی دیکە. (کەفائی، 2011: 27 ـ 28).

ئەگەر سەرنج لەم خاڵانەی سەرەوە بدەین دەبینین بەشێکی زۆریان خزمەت بە مێژووی ئەدەب دەکەن و ڕۆڵیان لە تۆکمەکردنی مێژووی ئەدەبدا هەیە. ((ئەدەبی بەراورد ڕۆڵێکی گرنگی هەیە

لە تۆکمەکردنی مێژووی ئەدەب و هاوکات دەتوانێ ڕۆحێکی مرۆییانە بکات بە بەر ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا بۆ ئەوەی لە هەر جۆرە گەورەییەکی درۆیین دووریبخاتەوە. ئەدەبی بەراورد بە لەبەرچاوگرتنی ئەدەبی نەتەوەیی و پەیوەندی بە ئەدەبی جیهانی "ئەدەبی نەتەوەکانی تر" مەوداکانی داهێنان و ڕەسەنی دەخاتەبەرچاو و هاوکات ڕەهەندێکی بابەتیانە دەبەخشێتە مێژووی ئەدەبی نەتەوەیی. کە ئەمەش یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی مێژوویەکی ئەدەبی سەرکەوتووە)) (عەبدولغەفوور، ٢٠١٣: ٨٤) و ئاستی باوەڕپێکراوی دەباتە سەرەوە. مێژوونووسی ئەدەبی کاتێک کاریگەریی ئەدەبەکانی تر لەسەر ئەدەبی نەتەوەیی نیشاندەدات وەک پێویستیەکی مێژوویی و سەلماندنی کاریگەریەکە دەبێت بەڵگەکانی کاریگەری و کارتێکردن بخاتەڕوو و ئەو ئامراز و کەناڵانەش کە کاریگەریەکەیان لە ڕێگەیەوە گوازراوەتەوە دەستنیشانبکات، بۆ ئەوەی مێژوویەکی باوەڕپێکراو و جێگای متمانە بخاتەبەردەست. بەدەر لەمە ئەوەی لە هەمووی گرنگترە ئاستی کاریگەریەکە نیشانبدات و ئەوە ڕوونبکاتەوە ئایا ئەدەب یا ئەدیبەکە لاساییکردنەوەیەکی کتومتی کردوە یان داهێنانی خۆی تێدا کردوە و بە شێوازێکی جوانتر دایڕشتۆتەوە و جلوبەرگێکی نەتەوەیی خۆی بە بەرداکردوە (مقدسی، 1386: 9)، چونکە دواجار ئەم مێژووە دەبێت بە ناسنامەی نەتەوەکە و مایەی شانازیی تاکەکانی نەتەوەکە.

لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا تەنیا ئەوەندە نیە کاریگەریی ئەدەبەکانی دیکە لەسەر ئەدەبەکە دەستنیشانبکرێت، بەڵکو دەبێت لە هەمانکاتدا کاریگەریی ئەدەبەکەش لەسەر ئەدەبەکانی تر نیشانبدرێت، بۆ ئەوەی هەر ئەدەبێک لە ڕەوتی مێژوودا شوێن و پێگەی خۆی پێبدرێت (عەبدولغەفوور، 2013: 119)، دواجار بە لەبەرچاوگرتنی ئەمانە مێژوویەکی تۆکمە و بابەتی و متمانەپێکراو و سەرکەوتوو بنووسرێتەوە و بخرێتەبەردەست.

## ٢- بەشی دووەم

### ١-٢ بەراوردی ئەدەبی لەناو کتێبی (ئەدەبی کۆنی کوردی)دا

بەر لەوەی بێینە سەر بەراوردی ئەدەبی لەناو کتێبەکەدا، پێویست دەکات ئەوە بخەینەڕوو: چەندە دەکرێت ئەم کتێبە وەکو کتێبێکی مێژووی ئەدەبی و کەرەستەیەکی مێژوویی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت؟ ئەگەر سەرەتا لە قسەکانی نووسەرەوە دەستپێبکرێت، کە لە پێشەکیی کتێبەکە لەبارەی نووسینی ئەم کتێبەدا کردوویەتی، نووسەر دەڵێت: ((چەند ساڵێکە وانەی ئەدەبی کۆنی کوردی لە پۆلی دووەمی بەشی زمانی کوردیی بەیانیان و ئێواران دەڵێمەوە و هەوڵم داوە زانیاری لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان کۆبکەمەوە و لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆم یەکیان بخەم و بە شێوەیەکی کورت بیانخەمە بەردەستی قوتابیان و خوێنەرانی ئەدەبی کۆنی کوردی. کتێبخانەکانی کۆلێژ و ناوەندی زانکۆ تا ڕادەیەکی زۆر لە سەرچاوە کوردییەکان هەژارن، ئەوانەی کە هەشن لە دانەیەک و دووان تێ ناپەڕن و بەشی ئەم هەموو قوتابیانە ناکات، کە وەریان گرن و سوودیان لێ ببینن، سەرەڕای ئەمەش ئەو قوتابیانەی کە خولیای خوێندنەوەن یان لەسەر ئەوە عەشقی کتێبی کوردین ژمارەیان کەمە و لە پەنجەی دەست ڕەت نابن)) (شوان، 2012: 7) دواتر مەبەست لە نووسینی کتێبەکە ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت: ((بە مەبەستی سوود گەیاندن بە قوتابیانی بەشی زمانی کوردی لە زانکۆکانی کوردستان بە خاکسارییەوە ئەم بەرهەمەیان دەخەمە بەردەست بە هیوای ئەوەی جێگای شیاوی خۆی لە مێشک و دەرونیان بکاتەوە و هاندەرێک بێ بۆ گرنگیدان بە ئەدەبی کۆنی میللەتەکەمان و لە کات و ماندووبوونیان کەم بکاتەوە)) (شوان، 2012: 7). ئەگەر سەرنج لە قسەکانی نووسەر بدرێت، ئەوە ڕوونە کەوا نووسەر بە مەبەستی نووسینەوەی مێژووی قۆناغێکی ئەدەبی کوردی کتێبەکەی نەنووسیوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بە چەند هۆکارێک دەتوانرێت ئەم کتێبە بە کتێبێکی مێژووی ئەدەبی و کەرەستەیەکی مێژوویی لەقەڵەمبدرێت:

ـ عوسمان دەشتی لە کتێبی (ئەزموونی شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا) ئەم کتێبەی بە کتێبێکی مێژووی ئەدەب لەقەڵەمداوە (دەشتی، 2013: 25).

ـ ناونانی کتێبەکە بە ناوی قۆناغێکی مێژوویی ئەدەبی کوردی دەلالەتێکی مێژوویی دەبەخشێت.

ـ بەخشینی شکڵێکی نووسینەوەی مێژوویی بە کتێبەکە: قۆناغبەندی کردنی ئەدەبی کۆنی کوردی، دابەشکردنی بەسەر چوار زاردا بە پێی ڕێزبەندی مێژوویی و دواجار نیشاندانی لە ڕەوتێکی مێژووییدا. جیا لەمە بەر لەوەی بێتە سەر ئەدەبیاتی هەر زارێک سەرەتا بە گشتی مێژوو و جوگرافیای زارەکەی ناساندوە.

ـ ئەگەر لە ڕوانگەی مەبەستی نووسەریشەوە سەیربکرێت، کە کتێبەکەی بۆ وانەی (ئەدەبی کۆنی کوردی) بۆ قوتابیان نووسراوە، دەتوانرێت وەکو کتێبێکی مێژوویی سەیربکرێت، چونکە لە بەشە کوردیەکان، بە پێی ڕەوتێکی مێژوویی ئەدەبی کوردی وانەکان دانراون، بۆ ئەوەی قوتابیانی بەشی کوردی هەر لە سەرەتاوە تا ئێستا زانیاریی تەواو لەبارەی ئەدەبی کوردیەوە وەربگرن، بەم شێوەیە: (ئەدەبی فۆلکلۆر، ئەدەبی کۆن، ئەدەبی نوێ، ئەدەبی هاوچەرخ)، کاتێک نووسەر دێت لەبارەی ئەدەبیاتی کۆنی کوردی دەنووسێت، خۆبەخۆ واتای ئەوە دەگەیەنێت، کە مێژووی قۆناغێکی ئەدەبی کوردی دەنووسێتەوە.

به مەبەستی نیشاندانی بەراوردی ئەدەبی وەک بنەمایەکی مێژوونووسی ئەدەبی بە پێی سروشت و هەڵکەوتەی ئەدەبی کوردی و بەپێی بەکارهێنان و سوودلێوەرگرتنی لە کتێبەکەدا، بەسەر چەند بابەتێکی دابەشیدەکەین.

### ٢ـ٢ نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەسەر ئەدەبی کۆنی کوردی

یەکێک لە بنەما سەرەکیەکانی نووسینەوەی مێژووی ئەدەب لە نووسینەوەی ڕەوتی مێژوویی ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا، نیشاندانی کارتێکردنی ئەدەبی نەتەوەکانی ترە لەسەر ئەدەبەکە، بەبێ

لەبەرچاوگرتنی ئەم بابەتە بەشێک لە سەرچاوەکانی ئەدەبەکە و شکڵگرتنی ئەدەبەکە بەدەرناکەوێت و دواجار مێژووەکە مێژوویێکی ناتەواو و کرچ و کاڵی لێ دەردەچێت.

گومان لەوەدا نیە، ئەدەبی کۆنی کوردی بە درێژایی مێژووی خۆی لەژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی (فارسی، عەرەبی، تورکی)دا بووە، بەشێک لە شکڵگرتن و دروستبوونی پەیوەستە بەو ئەدەبانەوە و یەکێکن لە سەرچاوە سەرەکیەکانی ئەدەبی کۆنی کوردی، هەر لە ڕوخسارەوە (کێش، سەروا، قاڵبە شیعریەکان... تاد) تا ناوەرۆکی (ئاینی، عیرفانی، سۆفیگەری،... تاد) ئەدەبی کۆنی کوردی لەژێر کاریگەریی ئەم ئەدەبانەدا بووە. ئەمەش ئەوە دەخوازێت هەر مێژوونووسێکی ئەدەبی دەستبداتە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کۆنی کوردی دەبێت ئاوڕ لەم کاریگەریانە بداتەوە و نیشانیبدات ئەدەبی کۆنی کوردی چی لەم ئەدەبانە وەرگرتوە، لەم وەرگرتنەدا تەنیا لاساییکەرەوەیە یان داهێنانی تێدا کردووە... تاد؟

لەم کتێبەدا وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی ئاوڕ لە بەراوردی ئەدەبی دراوەتەوە و ئەوە نیشاندراوە، کە ئەدەبی کۆنی کوردی لەژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بووە، بەڵام بۆ زانینی ئەوەی تا چەند بەراوردی ئەدەبی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی لەم بارەوە پێڕەوی لێکراوە، سەرنج دەخرێتە سەر ئەو شوێنانەی باس لە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر ئەدەبی کۆنی کوردی دەکات.

لە لاپەڕەکانی سەرەتای کتێبەکە لە پێناسەکردنی ئەدەبی کۆنی کوردی ئاماژە بە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر ئەدەبی کۆنی کوردی کراوە، وەک لە کتێبەکەدا هاتوە: ((کلاسیزمی کوردی یان ئەدەبی کۆنی کوردی ئەو ئەدەبە نووسراوەیە کە پەیڕەوی عەرووزی عەرەبی کردووە و لەسەر بنج و بناوانی ترادیسیۆنی ئیسلامی و ئەدەبی ڕەسەنی خۆماڵی دامەزراوە)) (شوان، 2012: 14). ئەم ئاماژەکردنە لە بارێکی ئاساییدایە، چونکە لە پێناسەکردندا بۆ ناساندنی

ئەدەبەکە ئاوڕی لەم بابەتە داوەتەوە، لە پێناسەکردنیش ناتوانرێت کاریگەریەکە ڕوونبکرێتەوە و نیشانبدرێت کاریگەریەکە چۆنە و چۆن بووە.

جیا لەمەی سەرەوە، کاتێک باس لە سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو و سەرهەڵدانی شیعری کلاسیک لە ناوەڕاست دەکرێت، ئاوڕ لە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر ئەدەبی کوردی دەدرێتەوە، وەک  لە بابەتی سەرهەڵدانی ئەدەبی کرمانجی ژووروو هاتوە ((نابێ ئەوەش لە یاد بکرێ کە بە پلەی یەکەم ئەدەبیاتی فارسی و بە پلەی دووەم ئەدەبیاتی عەرەبی کاریگەرییان بەسەر ئەدەبیاتی کوردیدا هەبووە، هەرچەندە (صادق بهاوالدین) پێی وابووە کە ئەدەبیاتی عەرەبی بە پلەی یەکەم و فارسی بە پلەی دووەم کاریگەرییان بە سەر ئەدەبی کوردییەوە هەبووە)) (شوان, 2021: 176)، دواتر بۆ ڕەتکردنەوەی ئەم بۆچوونە لە چوار خاڵدا ئەوە سەلمێنراوە کە ئەدەبیاتی فارسی کاریگەریی زیاترە لە ئەدەبیاتی عەرەبی لەسەر ئەدەبی کوردی، خاڵەکانیش ئەمانەن: (شوان, 2012: 176)

1. زمان و ئەدەبی فارسی لە حوجرەکاندا خوێندراوە و بەرهەمەکانی سەعدی حافز بە پلەی یەکەم هاتوون و گەنجەیی و ڕۆمی و عەتار و جامیش بە پلەی دووەم، شاعیرانی کورد ناوی ئەمانەیان هێناوە و شیعرەکانیان لەگەڵ شیعری خۆیان تێهەڵکێش کردوە یان وەریانگێڕاوەتەوە سەر زمانی کوردی، بەڵام بە دەگمەن نەبێ ناوی شاعیرە عەرەبەکانیان نەهێناوە و ئاماژەیان بە شیعرەکانیان نەکردوە.

2. زمانی فارسی تا ماوەیەکی زۆر لە دەوڵەتی عوسمانی زمانی ڕەسمی بووە و ئەمەش وایکردووە کە کورد زیاتر بەو زمانە کاریگەر بێت.

3. لە ڕووی نەژاد و زمانەوە فارس و کورد نزیکن، کەچی لە ئاین زیاتر کورد هیچ پەیوەندیەکی بە عەرەبەوە نیە.

4. فارس هەر لە کۆنەوە کرنگییان بە ئەدەبی سۆفیزمی داوە و لە عەرەب زیاتر خولیای بوون، کوردیش بە سۆفیە فارسەکانی وەکو حافز و جامی و مەولانای ڕۆمی کاریگەر بوون.

لە بابەتی سەرهەڵدانی شیعری کلاسیک لە کرمانجی ناوەڕاستدا کاتێک باس لە نالی و هاوڕێکانی دەکرێت، کە بناغەی شیعری کلاسیکیان لە کرمانجی ناوەڕاست داناوە، ئاماژە بە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەریان دەکرێت ((نالی و هاوڕێکانی بەردی بناغەی شیعری کلاسیزمیی کوردییان دانا و بە ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵات (فارسی و عەرەبی) کاریگەر بوون)) (شوان، 2012: 280).

ئەگەر سەرنج لەو باسانە بدرێت، کە بۆ پیشاندانی کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر ئەدەبی کۆنی کوردی لە کتێبەکەدا هاتوون، دەبینین لە شێوەیەکی زۆر گشتیدا ئاوڕ لە کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەسەر ئەدەبی کۆنی کوردیدا دراوەتەوە و بە سەرنجێکی زۆر خێرا ئەوە نیشاندراوە، کە بەشێک لە شکڵگرتن و سەرچاوەی ئەدەبی کۆنی کوردی بەندە بە ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیەوە، بێ ئەوەی ئەوە بخرێتەڕوو، ئەم کایگەری و کارتێکردنە چیە و چۆن بووە؟ ئەدەبی کوردی چی لەو ئەدەبانە وەرگرتوە؟ لە وەرگرتنی شتەکان تەنیا لاساییکردۆتەوە یان دایڕشتوونەتەوە و داهێنانی خۆشی تێدا کردوە؟ لە چیدا لە یەکتر دەچن و لە چی لە یەکتر جیاوازن؟ وەک دەبینین هیچ شتێک لەبارەی ئەمانەی سەرەوە نەگوتراوە، تەنیا لەناو ئەو چوار خاڵانەی سەرەوە کە بۆ نیشاندانی ئەوەی کاریگەریی ئەدەبی فارسی زیاترە لەسەر ئەدەبی کوردی بە بەراورد بە ئەدەبی عەرەبی، ئاماژە بە بەڵگەکانی سەلماندی پەیوەندیی مێژوویی نێوان ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبی فارسی و عەرەبی کراوە، لەگەڵ هۆکارەکانی کاریگەری و کارتێکردن و کەناڵەکانی گواستنەوەی ئەم کاریگەریە. ئاماژەدان بەم لایەنانەش لە ڕاستیدا بۆ خزمەتی ڕوونکردنەوەی بابەتێکی تر هاتوون نەک ئەوەی بیەوێت بە بەڵگە پەیوەندیی مێژوویی

نێوان ئەدەبی کوردی لەگەڵ ئەدەبی فارسی و عەرەبی بسەلمێنێت و هۆکارەکانی کاریگەری و کارتێکردن و کەناڵەکانی گواستنەوەی کاریگەریەکە دەستنیشانبکرێن و بخرێنەڕوو.

**٣ـ٢ نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبیاتی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامی لەسەر شاعیران**

لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا جیا لەوەی دەبێت لە شێوەیەکی گشتیدا کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر ئەدەبی نەتەوەکە ڕوونبکرێتەوە، لە هەمانکاتدا دەبێت کاریگەریەکە لەسەر تاک بە تاکی ئەو شاعیرانەش ڕوونبکرێتەوە. کە بۆ مێژوونووسیەکە هەڵیبژاردوون، چونکە کەم تا زۆر بەشێک لە شکڵگرتن و پێگەیشتنی هەر شاعیرێکیش پەیوەستە بە کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر لە سەری، بەڵام ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت هەر تەنیا نیشاندانی کاریگەریەکە بەس نیە، بەڵکو ئەوەی گرنگە ئەوە ڕوونبکرێتەوە شاعیرەکە تا چ ئاستێک کەوتوەتە ژێر کاریگەریی شاعیرانی نەتەوەکانی تر؟ ئایا شتەکانی وەکو خۆی وەرگرتوە یان دایڕشتوونەتەوە و داهێنانی خۆشی پێوە دیارە؟ تا چەند ڕەسەنایەتی و خۆماڵیەتیی شیعری نەتەوەیی خۆی پاراستوە؟ ئەمە لە پاڵ نیشاندانی پەیوەندیی مێژووییان و کەناڵەکانی گواستنەوەی کاریگەری و کارتێکردنەکە.

لەم کتێبەدا تا ڕادەیەک پێڕەوی لەم بنەمایەی مێژوونووسی ئەدەبی کراوە و کاریگەریی شاعیرانی نەتەوەکانی تر لەسەر شاعیرانی کورد نیشاندراوە، بەڵام ئەمە بۆ هەموو شاعیران نەکراوە، واتە لە باسکردنی هەندێک شاعیردا ئەم کاریگەریە نیشاندراوە، بەڵام لە هەندێکی تردا بۆ نموونە لە باسی (باباتاهیر، پوری فەرەیدون، مستەفا بەگی کوردی) هیچ ئاماژەیەک بە کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر لەسەر ئەم شاعیرانە نەکراوە، بۆ هەندێکی تریش لە هەندێ شوێن ئاماژەیەک دەبینین، کە کاریگەریەکەی باسکردوە، و شتێکی ئەوتۆ نین، کە جێگای باسبن.

یەکێک لەو شاعیرانەی کە تا ڕادەیەکی باش کاریگەریی شاعیرانی نەتەوەکانی تری لەسەر نیشاندراوە، خانای قوبادیە. لە سەرەتاوە کاتێک باس لە خانای قوبادی و شیعر دەکرێت، ئاماژە

بە کاریگەریی نیزامی گەنجەوی لەسەر خانا دەکرێت ((خانا شیعری لیریک و داستانی شیعری هەیە و شیعرەکانی پڕن لە هونەرەکانی ڕەوانبێژی و وێنەی شیعری جوان. هەرچەندە شاعیر کاریگەریی نیزامی پێوە دیارە، بەڵام خۆشی لەو بە کەمتر نەزانیوە)) (شوان، 2012: 109)، دواتر کە دێتە سەر باسی داستانی (شیرین و خوسرەو)ی خانای قوبادی ئەم کاریگەریە بە تەواوی ڕووندەکاتەوە و دەڵێت: (("خوسرە و شیرین" بەرهەمی شاعیری فارس نیزامی گەنجەییە 530 ـ 619 کۆچی، خانای قوبادی لە 1153 کۆچی وەری گێڕاوەتە سەر زمانی کوردی و بە ئاشکرا لە حەڤدە شوێن ناوی نیزامی هێناوە و لە بیست شوێنیش ناوی خۆی دێنێ)) (شوان، 2012: 111). لێرە بەڵگەی مێژوویی نیشاندراوە کە خانا ئاگای لە بەرهەمی نیزامی بووە بەوەی کە لە حەڤدە شوێن ناوی هێناوە، تەنانەت بەرهەمەکەی خانا بە وەرگێڕدراو دانراوە، لە ڕاستیدا داستانی شیرین و خەسرەو داستانێکی هاوبەشە لە نێوان نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا و ناکرێت وەکو بەرهەمێکی وەرگێڕدراو مامەڵە لەگەڵ ئەوەی خانا بکرێت، چونکە ئەگەر لەژێر کاریگەریی بەرهەمەکەی نیزامیش نووسرابێت، خانا ئەوەندە گۆڕانکاری و داهێنانی تێدا کردوە، کە لە قاڵبی وەرگێڕان چووەتەدەرەوە، هەتا ئەو جیاوازیانەی لەم کتێبەیدا لەنێوان بەرهەمی خانا و نیزامیدا نیشاندراون، بەڵگەی ئەم بۆچوونەن، لەم بارەیەوە نامەیەکی ماستەریش نووسراوە.

هەر لە درێژەی ئەم باسەدا هاتوە: ((داستانەکەی نیزامی لەسەر کێشی عەرووزی هەزەجی شەشی حەزفکراو یان مەقسورە و ژمارەی بەیتەکانی 6500 بەیتە، بەڵام شیرین و خەسرەوەکەی خانا لەسەر کێشی خۆماڵی دە پەنجەییە و ژمارەی بەیتەکانی 5526 بەیتە شیعرە، ئەمەش ئەوە دەگەنێ کە خانا هەندێک لەو بەیتانەی پشتگوێ خستووە و وەرگێڕانەکە دەقاودەق نییە و لێی زیادکراوە و لێی کەمکراوە. نیزامی پێشەکییەکی دوور و درێژی بۆ خوسرە و شیرین نووسیوە، بەڵام خانا هێندە گرنگیی بە پێشەکی نەداوە و یەکسەر هاتۆتە سەر ئەسڵی باسەکە)) (شوان، 2012: 111) لێرەدا بە گشتی جیاوازی لەنێوان هەردوو بەرهەمەکە نیشاندراوە، دواتر

ئاماژە بە داهێنان و بەخشینی مۆرکێکی کوردانە لە لایەن خاناوە بە بەرهەمە بەخشراوە، ((هەرچەندە بە گشتی کارەکەی خانای قوبادی وەرگێڕانی خوسرە و شیرینی نیزامی گەنجەییە و بەڵام داهێنانی خۆشی تێدا کردووە و داستانەکەی بە سەردەمی خۆی بەستاوەتەوە و لە فۆلکلۆری جەنگ و ڕاو و ڕابواردن و شایی و شیوەن شارەزا بووە و مۆرکێکی کوردانەی پێبەخشیوە. گەر لاپەڕەی داستانەکە هەڵدەینەوە دەبینین لە زۆر شوێن هەردوو بەرهەمەکەی گەنجەیی و خانا بەیەک دەچن و لە زۆر شوێنی دیکەش لێک جۆدان)) (شوان، 2012: 111)، ئەم ئاماژەدانە بەوەی کە خانا داهێنانی خۆی لە بەرهەمەکە کردوە و مۆرکێکی کوردانەی پێ بەخشیوە بە تەواوی لەگەڵ بنەماکانی بەراوردی ئەدەبی تەبایە. دواتریش وەکو کارێکی بەراوردکاری بۆ نیشاندانی ڕووی لێکچوون و جیاوازیی نێوان هەردوو بەرهەمەکە و نیشاندانی داهێنانی خانا و بەخشینی مۆرکێکی کوردانە بە بەرهەمەکە، بە نموونەی شیعری لە چەندین خاڵدا ئەمە ڕوونکراوەتەوە. ئەوەی جێی سەرنجە لەم بەراوردەدا لە کۆتایی خاڵە لێکچووەکان ئاماژە بە شتێکی گرنگ کراوە، ((ئەگەر بێت و درێژە بە خاڵە لێکچووەکان بدەین، ئەوا بابەتەکە دەبێتە ئەدەبی بەراوردکاری  و خاڵەکان یەکجار زۆرن و بە دەیەها لاپەڕە کۆتاییان نایەت)) (شوان، 2012: 114)، لە کۆتایی خستنەڕووی خاڵە جیاوازەکانیش هاتوە: ((ئەوەی شایانی گوتنە داهێنانەکانی خانای قوبادی هێندە زۆرن لەو وەرگێڕانەدا کە ناتوانین هەموویان تۆمار بکرێن و وەک دەڵێن مشتێک نموونەی خەرمانێکە)) (شوان، 2012: 116). ئەم دوو نموونانەی سەرەوە دەریدەخەن، بۆ دەرخستنی بەشێک لە دروستبوون و شکڵگرتنی خانای قوبادی وەکو شاعیرێک بە ئاگاییەوە پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی براوە، کە پێویستە ئەو کاریگەریەی پەیوەستە بە ئەدەبی نەتەوەکانی تر، لەسەر خانا ڕوونبکرێتەوە، نووسەر لەوە ئاگادارە کە لە بنەڕەتدا کاری ئەو لێرەدا کارێکی بەراوردکاری نیە لەنێوان خانا و گەنجەیی، کە دەبێت توانای خاڵە لێکچوو و جیاوازەکان لەنێوانیان دیاریبکات، بەڵکو بە ئاگاییەوە پەنای بۆ بەراوردی ئەدەبی بردوە، بە مەبەستی

نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر خانای قوبادی. ئەمەش بنەمایەکی گرنگە لە کاری مێژوونووسیدا، کە نابێت سنووری مێژووی ئەدەب ببەزێنرێت و کارەکەی لە بری مێژوونووسی ببێتە کارێکی بەراوردکاری، بەڵکو بەراوردی ئەدەبی وەکو زانستێکی یاریدەدەر دێتە ناو مێژووی ئەدەب و لە ڕوونکردنەوەی بەشێک لەو مێژووە خزمەتی پێدەکات، بۆیە نووسەریش لەوە ئاگادارە کە نابێت تخوبی مێژووی ئەدەب ببەزێنێت و کارەکەی لە بری مێژوونووسی ببێتە بەراوری ئەدەبی.

مەلای جزیری یەکێکی ترە لەو شاعیرانەی تا ڕادەیەکی باش بەشێک لەو سەرچاوە شیعرییانەی کە پەیوەستن بە ئەدەبی بێگانە لە شیعرەکانی نیشاندراون و ئەوە ڕوونکراوەتەوە جزیری لەژێر کاریگەریی ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی ئیسلامیدا بووە. لە کتێبەکەدا کاتێک دێتە سەر باسی ڕۆشنبیریی جزیری ئەوە ڕووندەکاتەوە، کە بەشێک لە ڕۆشنبیری جزیری پەیوەندی بە کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی ترەوە هەیە، ((سەرەڕای ئەوەی کە جزیری مەلایەکی بە توانا و سۆفیەکی شارەزا بووە، ئاگاداری ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و تورکی بووە، بە پلەی یەکەم کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی لەسەر بووە و شیعرەکانی حافزی لەگەڵ هی خۆی تێهەڵکێش کردووە و ناوی شاعیرانی شیراز و جامی و فەروغی و ئیشراقی هێناوە)) (شوان، 2012: 178)، دواتر هەر لە باسی جزیریدا بۆ نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی لەسەری بابەتێک بە ناوی (جزیری و ئەدەبیاتی فارسی) بۆی تەرخانکراوە، لە سەرەتادا بە گشتی باسی کاریگەریی ئەدەبی فارسی لەسەر جزیری کراوە ((لە سەردەمی جزیری شێوازی هیندی لە ئێرانی سەفەویدا باو بوو، نوێنەرەکەی (صائبی تبریزی 1670 ع) بوو، کە لە سەردەمی جزیریدا ژیاوە، هەروەها جزیری پەیوەندی بە شێوازی عێراقی هەبوو کە سەعدی و حافزی شیرازی سەر بەو شێوازە بوون. دیوانی حافز و گولستان و بوستانی سەعدی لە حوجرەکانی کوردستاندا دەخوێنران. جگە لەمانە جزیری شارەزای شێوازی خۆراسانیش بووە و ناوی فەروخی هێناوە، کە نوێنەری ئەو

شێوازە بووە)) (شوان، 2012: 179 ـ 180). وەک دەبینین جیا لەوەی کە ئاماژە بە کاریگەریی ئەدەبی فارسی لەسەر جزیری کراوە، کەناڵەکانی گواستنەوەی کاریگەرییەکەش خراونەتەڕوو. دوای ئەوە بەڵگەی سەلماندنی پەیوەندیی مێژوویی جزیری بە شاعیرانی فارسی خراوەتەڕوو. ((ناوهێنانی شاعیرانی فارس لە لایەن جزیرییەوە بەڵگەن کەوا پێیان کاریگەر بووە و دیوانەکانیانی خوێندۆتەوە. کەواتە جزیری پاشخانێکی لە ئەدەبیاتی فارسی هەبووە و بێ ئەوەی ویستبێتی گەلێ وشە و زاراوەی لە ئەدەبیاتی فارسی وەرگرتووە و بەکاریانی هێناوە)) (شوان، 2012: 180)، دوای سەلماندنی پەیوەندی مێژوویی و دیاریکردنی کەناڵەکانی گواستنەوەی کاریگەرییەکە، بە بەڵگەی شیعری کاریگەریی حافز و سەعدی شیرازی لەسەر شیعرەکانی جزیری نیشاندراوە، سەرەتا باس لە کاریگەریی حافز کراوە و شیعرەکانیان بەراوردکراون، لە بەراوردکردنی دێڕە شیعرێکی حافز و جزیریدا هاتوە ((لەم بەیتەی خوارەوەدا جزیری تا ڕادەیەکی زۆر سوودی لە بەیتێکی حافز وەرگرتووە و نیمچە وەرگێڕانێکی بەیتەکەیە)) (شوان، 2012: 181)، لە بەراوردکردنی بەیتێکی تریشدا هاتوە ((لە بەیتی سەرەوەدا جزیری چاولێکەری نیوە بەیتی یەکەمی حافزی کردۆتەوە و سەر لە نوێ دایڕشتۆتەوە و ڕەنگ کردنی سەجادە بە مەی وەکو خۆی ماوەتەوە)) (شوان، 2012: 182). لەم دوو نموونانەدا تا ڕادەیەکی باش کاری بەراوردکاری لە نێوانیاندا کراوە، بە پوختی ئەوە ڕوونکراوەتەوە جزیری چەندە لاساییکردۆتەوە و چەندە داهێنانی خۆی تێدا کردوە و لە چ شتێکی تردا لە یەکتر دەچن، لە بەراوردکردنی جزیری و سەعدیشدا تا ڕادەیەکی باش کاری بەراوردکارییەکە کراوە.

جیا لەم دوو شاعیرانەی ئاماژەیان پێکرا، کە تا ڕادەیەکی باش و بە شێوەیەکی باش و بە شێوەیەکی دروست پێڕەوی لە بنەماکانی مێژوونووسی ئەدەبی لە نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر شاعیرەکان کراوە، لە نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر هیچ شاعیرێکی تر نەکراوە، واتە کاتێک باس لە کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر لەسەر شاعیرەکان دەکرێت،

بە تەواوی پێڕەوی لە بنەماکانی مێوونووسی ئەدەبی نەکراوە، کاتێک لە شوێنێک باس لە کاریگەریی ئەدەبێک یان شاعیرێک لەسەر شاعیرێکی کورد دەکات، زۆربەی بێ ئەوەی هیچ شتێک ڕوونبکاتەوە. بۆ نموونە لە باسی نالیدا هاتوە ((غەزەل و قەسیدەی لە فارس و عەرەب وەرگرتووە)) (شوان، 2012: 282)، وەک دەبینین تەنیا ئاماژە بە کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و فارسی کراوە لەسەر نالی، بەدەر لەمە هیچ شتێکی تر لەبارەی کاریگەرییەکە نەهاتوە، ئەوە ڕووننەکراوەتەوە نالی چۆن ئەم قاڵبانەی وەرگرتوە؟ ئایا قاڵبەکانی وەکو خۆی و بێ دەستکاری وەرگرتوون یان داهێنانی تێدا کردوون؟ خاڵی لێکچوو و جیاوازی ئەو قاڵبانەی لە نێوان نالی و ئەدەبی عەرەبی و فارسیدا چییە؟ ئەمە جیا لەوەی بەڵگەی سەلماندنی پەیوەندیی مێژوویی نالی بەم دوو ئەدەبەوە نەسەلمێنراوە و ئاماژە بە کەناڵەکانی گواستنەوەی کاریگەرییەکەش نەکراوە.

لە باسی شێخ نوورەدینی بریفکانیشدا ئاماژە بەوە کراوە، کە شێخ نوورەدین لە بابەتی یەکێتیی ئاینەکان لاسایی ئیبن عەرەبی کردۆتەوە ((شێخ نوورەدین لە چەند شوێنێکدا بەرەو ئەو لایەنە دەچێ و سەری لە دڵی خۆی سوڕماوە و نازانێ بۆچی هەردەمێ لەسەر شتێکە وا قەراری نییە، لێرەدا چاولێکەری ئیبن عەرەبی کردۆتەوە کە لەم دوو بەیتە شیعرەدا دڵی شاعیر هەردەمێ لە شوێنێ ئارام دەگرێ و جۆرە بیروباوەڕێ قبوڵ دەکات، بۆ سەری دڵی سوڕماوە)) (شوان، 2012: 250) دوای خستنەڕووی دێرە شیعرەکان ئیبن عەرەبی باسەکە دێتەوە سەر شێخ نوورەدین ((بریفکانی لە گەلێ شوێن لە شیعرە کوردییەکانی بیرۆکەی یەکێتی ئاینەکان دەخاتەڕوو بە شێوەی پرسیار بۆچوونی خۆی دەردەبڕێ، واتا: خۆشی بە گومانە لەو گوتانە و لەو بارە گیانییەی کە تێیدایە)) (شوان، 2012: 250) دوای ئەوەی دوو دێرە شیعری شێخ نوورەدین دەخرێتەڕوو بێ ئەوەی ئاماژە بە هیچ شتێکی تر بکرێت کۆتایی بە باسەکە دێت. لێرەدا ئاماژە بە پەیوەندیی مێژوویی نێوان شێخ نوورەدین و ئیبن عەرەبی نەکراوە و ئەوە نەخراوەتەڕوو و بە بەڵگە نیشاننەدراوە کە بریفکانی لە ئیبن عەرەبی وەرگرتوە، بۆیە دەتوانرێت

گومان لەم قسەیە بکرێت و لە ڕووی ئاستی باوەڕپێکراوی لەرزۆکە. ئەگەر بە بەڵگە پەیوەندیەکە نەسەلمێندرێت دەتواندرێت بگوترێت بریفکانی لە ئیبن عەرەبی وەرنەگرتوە، چونکە هزری یەکێتیی بوون هزرێکی عیرفانیە و لای زۆرێک لە عاریفەکان هەیە، بۆیە دەشێت بریفکانی خۆی عاریفێک بێت وەکو هزرێکی عیرفانی لە شیعرەکانی خۆیدا مەزراندبێتی بێ ئەوەی ئاگاداری شیعرەکەی ئیبن عەرەبی بێت. هەر لە باسی شێخ نوورەدیندا باس لە کاریگەریی ئەدەبی عەرەبی و فارسی و حافز لەسەر شێخ نوورەدین دەکرێت ((بریفکانی شاعیرێکی بەتوانا و سەردەمی خۆ بووە و شارەزای ئەدەبیاتی فارسی و عەرەبی و کوردی بووە، بە ئاشکرا کاریگەریی حافزی شیرازی و مەلای جزیری لەسەر بووە)) (شوان، 2012: 254) دواتر دێتە سەر کاریگەریی حافز لەسەر شێخ نوورەدین ((شێخ نوورەدین چوار خشتەکییەک و پێنج خشتەکییەکی لەسەر شیعری حافز نووسیوە و هەمووی بە فارسین، ئەمەش نیشانە و کارتێکردنی حافزە لەسەر بریفکانی)) (شوان، 2012: 254)، دوای ئەمە نموونەی چوار خشتەکیەک دێنێتەوە کە بەیتی یەکەم هی بریفکانیە و بەیتی دووەم هی حافزە، کەواتە ئەگەر سەرنج لە کۆی بەراوردکاریەکە بدەین دەبینین تەنیا بەڵگەی پەیوەندیی نێوان ئەم دوانەی سەلماندوە و جگە لەمە هیچ بنەمایەکی تری بەراوردکاری لە نێوانیاندا بەکارنەهاتوە تەنیا ویستراوە بگوترێت بریفکانی لەژێر کاریگەریی حافزدایە، کاتێک باس لە ناوەڕۆکی شیعرەکانی مەلا عوسمانیش دەکرێت لە شوێنێک دەچێتە سەر کاریگەریی مەولانای ڕۆمی لەسەر مەلا عوسمان ((ئەم جارە مەلا عوسمان چاولێکەری مەولانای ڕۆمی دەکا و ناڵە ناڵی نامۆیی خۆی و ناڵەی نەی تێکەڵی یەکدی دەکا و بەگژ یەکیان دادێنێ، چونکە هەردووکیان لە زێدی ڕەسەنی خۆیان دابڕاون و هەست بە نامۆیی دەکەن)) (شوان، 2012: 324)، جگە لەمە هیچی تر باسی کاریگەریەکە ناکات، ڕوونە تەنیا ڕوویەکی لێکچوون لە نێوان دێڕە شیعرێکی مەلا عوسمان و مەولانای ڕۆمی بینراوە، بێ ئەوەی سەرەتا پەیوەندیی مێژوویی و کەناڵەکانی گواستنەوەکە بخاتەڕوو، دواتر بێت بەراوردی هەردوو دێڕە شیعرەکە بکات و

ڕووی لێکچوون و جیاوازی و ئاستی لاساییکردنەوە و داهێنانی و پاراستنی ڕەسەنی و خۆماڵی دیاربکرێت. ئەم شێوە باسکردن لە کاریگەریە لای شاعیرانی تریش بەرچاودەکەوێت و بە تەواوی پێڕەوی لە بنەماکانی بەراوردی ئەدەبی نەکراوە.

لەم کتێبەدا دوو حاڵەتی تری بەراوردکاری بەدیدەکرێن، یەکێک لەم حاڵەتە بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێک لە ئەدەبی کوردی یان لای شاعیرێک پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی بردراوە یان ئاماژە بە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە کراوە، بۆ نموونە لە سەرەتای کتێبەکە بۆ نیشاندانی ئەوەی کە ئەدەبی کۆنی ئێمە جیاوازە لە ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپی، بۆیە باشتر وایە زاراوەی (ئەدەبی کۆنی کوردی) بەکاربێنن نەک زاراوەی (ئەدەبی کلاسیکی کوردی)، لە چەند خاڵێکدا جیاوازیی نێوان ئەدەبی کۆنی کوردی و ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپی کراوە، لە یەکێک لە خاڵەکان بۆ ئەوەی ڕوونبکرێتەوە ئەدەبی کۆنی کوردی وەکو ئەدەبی کلاسیکی ئەورووپی لاسایی یۆنان و ڕۆمانی نەکردۆتەوە و لە یەکتر جیاوازن، پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی بردراوە، کە بگوترێت ئەدەبی کۆنی ئێمە لاسایی ئەدەبی فارس و عەرەبی کردۆتەوە نەک یۆنان و ڕۆمان ((ئەورووپا لاسایی یۆنان و ڕۆمانی کردۆتەوە، کەچی کورد لاسایی فارس و عەرەبی کردۆتەوە)) (شوان، 2012: 13). ئەم ئاماژەپێکردنە لە بارێکی ئاساییدایە و بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێکی تر پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی بردراوە، بۆیە پێویست ناکات ئاماژە بە سەلماندنی پەیوەندیی مێژوویی و کەناڵەکانی گواستنەوە و ڕووی لێکچوون و جیاوازی و ئاستی داهێنان... تاد، لە نێوان ئەدەبەکان بکرێت.

ئەم حاڵەتە لە باسی چەند شاعیرێکیش بەرچاودەکەوێت، بۆ نموونە لە باسی مەلا عوسماندا بۆ ئەوەی نیشانبدرێت هیچی کەمتر نیە لە نالی و سالم و کوردی بە چەند خاڵێک ئاماژە بە لێکچوونی شیعرەکانی مەلا عوسمان لەگەڵ شیعرەکانی نالی و سالم و کوردی کراوە، لە خاڵێکدا باس لە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر هەموویان کراوە ((هەردوو لایەن کاریگەری زمانی عەرەبی و ئەدەبیاتی فارسییان لەسەر بووە، وشە و زاراوەی فارسی و عەرەبییان بەکارهێناوە))

(شوان، 2012: 319). هەر لە باسی مەلا عوسمان بۆ نیشاندانی بەرزی ئاستی شیعرەکانی قسەیەکی (د. ئەمین موتابچی) بۆ دەوڵەمەنکردنی ڕایەکە هاتوە، کە تێیدا باس لە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە و بەراوردکردنی بە شاعیرانی نەتەوەکانی تر کراوە (("د. ئەمین موتابچی" پێی وایە کە شیعرە سۆفیانەکانی لە ئاستی شیعرەکانی مەلای جزیری و مەولەوی کوردە و لە ئەدەبیاتی فارسیدا لە (جامی) کەمتر نییە و پەیڕەوکەری حافزی شیرازییە)) (شوان، 2012: 318)، لە باسکردنی ڕوخساری شیعرەکانی مەلا عوسمانیشدا بۆ ئەوەی هۆکاری زۆر بەکارهێنانی وشەی فارسی لای شاعیر ڕوونبکاتەوە، ئاماژەی بەوە کردوە، کە کاریگەریی ئەدەبیاتی فارسی لەسەر بووە، بۆیە زۆر وشەی فارسی بەکراهێناوە ((وشەی فارسی زۆر تێکەوتووە، چونکە کاریگەری ئەدەبیاتی فارسی لەسەر بووە)) (شوان، 2102: 319). ئەم جۆرە باسکردن و پەنابردنەبەر بەراوردی ئەدەبی لە باسی چەند شاعیرێکی تریشدا هەیە، بەڵام لەبەرئەوەی بە هەمان شێوەن، پێویست بە نموونەی زیاتر ناکات. ئەگەر سەرنج لە هەموو ئەو نموونانەی سەرەوە بدرێت، کە خراونەتەڕوو دەبینین هەموو نموونەکان بۆ زیاتر ڕوونکردنەوەی بابەتی تر بەکارهاتوون، لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبیشدا زۆرجار بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ شت مێژوونووس ناچارە پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی ببات و بە کورتی چەند ئاماژەیەکی بەراوردکاری دەرببڕێت و باس لە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەر شاعیران بکات، بۆیە هەموو ئەو نموونانەی خراونەتەڕوو لە باری بەکارهێنانی ئاسایی خۆیاندان و لەو شوێنەوەی تێیدا ئاماژە بە بەراوردکاری بۆ کاریگەری ئەدەبەکانی تر کراوە، لەوە زیاتر پێویست نیە ڕوونکردنەوە بدرێت، واتە پێویست ناکات ڕووی لێکچوون و جیاوازی، ئاستی داهێنان و پاراستنی ڕەسەنیەتیی ئەدەبی خۆماڵی و بە بەرداکردنی پۆشاکێکی نەتەوەیی بەبەر شتە وەرگیراوەکان دیاربکرێت، ئاماژە بە بەڵگەی مێژوویی نێوانیان و کەناڵەکانی گواستنەوە بکرێت.

حاڵەتێکی تر کە لە کتێبەکەدا بەرچاودەکەوێت هەندێ دەربڕین و ئاماژە یان تەنانەت کارێکی بەراورد کە لە نێوان دوو دەق کراوە، تا ڕادەیەک ناڕوونن و سەر لێشێوان، دروستدەکەن، بۆ نموونە لە باسکردنی ڕوخساری شیعرەکانی مەستوورەدا هاتوە ((زمانی شیعرە فارسییەکانی هەمان زمانی سەعدی و حافزە)) (شوان، 2012: 153)، ئەگەر لەم دەربڕینەدا وردبینەوە ناڕوونییەکی تێدا هەیە لەوەی ئایا مەبەستیەتی بڵێت زمانی شیعرە فارسیەکانی مەستوورە کاریگەرە بە زمانی شیعری ئەم شاعیرانە، بۆیەشە زمانی شیعرە فارسیەکانی هەمان زمانی ئەوانە؟ یان لێکنزیکیەک لە نێوان زمانی شیعریان هەیە بێ ئەوەی مەستوورە بەو شاعیرانە کاریگەر بێت. لە باسکردنی ناوەرۆکی شیعرەکانی جزیریشدا حاڵەتێکی تری لەم جۆرە هەیە بۆ نموونە ((لە کۆتاییدا جزیری بەندەیەکی بەر فەرمانە لە بەردەم یار و هەرچی یار فەرمانی پێبکا لە کوشتن و لە هێشتن ڕازییە، ئەمەیە خۆشەویستی تەواو، رابیعە دەڵێ: "ان العب لمن یحب مطیع")) (شوان، 2012: 187)، لە کاتی خوێندنەوەی ئەمەی سەرەوەدا نازانرێت مەبەست لەوەیە بگوترێت مەلای جزیری لەژێر کاریگەریی ئەم وتە و بۆچوونەی ڕابیعە عەدەویدایە یان وەک چۆن ڕابیعە ئەم بۆچوونەی هەیە، بە هەمان شێوە جزیریش بۆچوونێکی وای هەیە.

**٢ـ٤ نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبی کوردی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تر**

بەراوری ئەدەبیدا تەنیا کار لەسەر کاریگەریی وەرگرتن ناکات، بەڵکو بەراوردکاری کارێکی دوو لایەنەیە جیا لە کاریگەریی وەرگرتن باس لە کارتێکردنیش دەکات، ئەم ڕەهەندە دوو لایەنیەی بەراوردی ئەدەبی لەناو مێژووی ئەدەبدا خزمەتێکی زۆر بە نووسینەوە مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەک دەکات، واتە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی هەر نەتەوەیەکدا جیا لەوەی بۆ بەخشینی بنەمایەکی زانستیانەتر و ڕۆحێکی بابەتیانە و دانەدەستی مێژوویەکی تۆکمەتر و پتەوتر و باوەڕپێکراو دەبێت کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر لەسەر ئەدەبی نەتەوەکە نیشانبدرێت و ڕوونبکرێتەوە، لە هەمانکاتدا دەبێت کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکەش لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی

تر ڕوونبکرێتەوە و نیشانبدرێت، چونکە دواجار ئەم مێژووە دەبێتە بەشێک لە هەستی شانازی و باوەڕبەخۆبوونی تاکەکانی نەتەوەکە و لەگەڵ ئەوەشدا بنەمایەکی زانستی و بابەتیانەیە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبدا، بۆیە ((ئەمە بابەتێکە کە دەبێت لە مێژووی لە ئەدەبدا ئاوڕی پێویستی لێ بدرێتەوە و کاری جدی لەسەر بکرێت، تا هاوکات لەگەڵ ئەوەی کاریگەریی ئەدەبەکانی دیکە دەست نیشان بکرێت، کارتێکەری و دەست ڕۆیشتوویی ئەدەبەکە و هزر و کولتورەکەی خۆشمان ئاشکرا بکەین، لێرەدایە کە ئەدەبی بەراوردکاری ڕەهەندێکی مرۆیی تر وەردەگرێ)) (عەبدولغەفوور، 2013: 129). ئەدەبی کوردیش وەک ئەدەبی هەر نەتەوەیەکی تر جیا لەوەی کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر و کاریگەریی ئەدەبەکانی تری لە سەرەوەیە، لە هەمان کاتدا کاریگەریشی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تر داناوە (بڕوانە: عەبدولغەفوور، 2013: 123 ـ 129)، بۆیە لە نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی دەبێت ئاوڕی جدی لەم لایەنە بدرێتەوە و کاریگەریی ئەدەبی کوردی لەسەر نەتەوەکانی تر نیشانبدرێت.

لەم کتێبەدا هیچ باس و خواسێک لەبارەی کاریگەریی ئەدەبی کوردی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تر ناکرێت، وەک ئەوەی ئەدەبی کوردی تەنیا کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تری لەسەر بووبێت و خۆی هیچ کاریگەریی لەسەر ئەدەبەکانی تر نەبێت، تەنیا لە یەک شوێندا کە باس لە سەرەتاکانی سەرهەڵدانی ئەدەب لە سلێمانی دەکات، سەرەتا باس لەوە دەکات کە سەرەتای ئەدەبەکە بە ئەدەبی سەرزاری دەستپێدەکات و دواجار ئەم ئەدەبە بووەتە بناغە بۆ ئەدەبی نووسراو، دواتر لەوێدا قسەیەکی ڕۆژهەڵاتی سۆڤیەتی (مار) دەهێنێتەوە کە دەڵێت: ((فۆلکلۆری کوردی تەنیا لەناو گەلانی تری ڕۆژهەڵاتیشدا وەک عەرەب و فارس و ئازربایجانی و ئەرمەنی و ئاسوریدا باوە)) (شوان، 2012: 276). لە ڕاستیدا ئەم ئاماژەپێکردنە بە کاریگەریی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەسەر نەتەوەکانی تر و پەڕینەوەی بۆ ناو نەتەوەکانی تر کارێکی گرنگ دەبوو، ئەگەر باسی کاریگەریی ئەدەبی نووسراوی کوردی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تر

کرابا و بەر لە کاریگەریی ئەدەبە نووسراوەکە ئەم ئاماژەپێدانە هەبووایە، کە ئەدەبی کوردی نەک تەنیا ئەدەبی نووسراوی، بەڵکو ئەدەبی فۆلکلۆریش کاریگەریی لەسەر ئەدەبەکانی تر هەبووە، بەڵام جیا لەمە هیچ باسێکی تر سەبارەت بەم بابەتە لە کتێبەکەدا نابینین، ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی مێژوونووسێکی بابەتیانە و تۆکمە و باوەڕپێکراو نایەتەوە.

**ئەنجام**

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتین بەم ئەنجامانەی خوارەوە:

- بەکارهێنانی بەراوردی ئەدەبی وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی لە کتێبەکە تا ڕادەیەک لە نیشاندانی کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر لەسەر ئەدەبی کوردی پێڕەوی لێکراوە. بەڵام نیشاندانی کاریگەرییەکە لەسەر ئەدەبی کوردی سەرکەوتوو نەبووە و لە شێوەی زۆر گشتیدا کاریگەریەکە خراوەتەڕوو، بنەماکانی بەراوردی ئەدەبی بە تەواوی لە بەراوردکردنەکەدا پێڕەویان لێنەکراوە.

- لە کتێبەکەدا بۆ نیشاندانی بەشێک لە سەرچاوە مەعریفیەکانی شاعیرەکان و شکڵگرتن و پێگەیشتنیان، وەکو بنەمایەکی مێژوونووسی پەنا بۆ بەراوردی ئەدەبی براوە، بەڵام ئەمە بۆ هەموو شاعیرەکان نەکراوە و لە باسکردنی هەندێک لە شاعیرەکان ئاوڕ لە کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەریان نەدراوەتەوە، لە هەندێکی تریان تەنیا بە ئاماژەیەک باس لە کاریگەریی ئەدەبی نەتەوەکانی تر لەسەریان کراوە، بەڵام لە باسی هەندێک شاعیری تر بە تەواوی پێڕەوی لەم بنەمایەی مێژوونووسی کراوە و زۆر بە وردی کاریگەریی ئەدەبی بێگانە لەسەریان ڕوونکراوە، هەر لە پەیوەندیی مێژوویی و کەناڵەکانی گواستنەوە تا دەرخستنی ئاستی لاسایی و داهێنان و بەخشینی مۆرکێکی نەتەوەییانە بە وەرگرتنەکان و نیشاندانی خاڵە لێکچوو و جیاوازەکان، باسکراون.

- چەند ئاماژەیەکی بەراوردکاریی ناڕوون لە کتێبەکەدا هەن، کە لای خوێنەر ڕوون نین، ئایا مەبەست لەم ئاماژەپێکردنانە ئەوەیە، کە کاریگەریی شاعیرێک یا ئەدەبێک لەسەر شاعیرە نەتەوەییەکە نیشانبدات، یان تەنیا مەبەستی ئەوەیە بڵێت بەرهەمەکانیان وەکو یەکن یان لە یەکترەوە نزیکن و لە یەک ئاستدان.

- هەندێ ئاماژەی تری بەراوردکاری لە کتێبەکەدا بەرچاودەکەون، کە لە حاڵەتی ئاسایی بەکارهێناندان و ئەو شوێنەی کە تێیدا ئاماژە بە بەراورد و کاریگەریەکە کراوە، شوێنی ئەوە نیە، کە ڕوونکردنەوەی ورد لەبارەی کاریگەریەکە بدرێت، چونکە خۆی وەکو پێویستیەک بۆ ڕوونکردنەوەی بابەتێکی تر ئاماژەپێکراوە.

- لەم کتێبەدا ئاوڕ لە کاریگەریی ئەدەبی کۆنی کوردی لەسەر ئەدەبی نەتەوەکانی تر نەدراوەتەوە، تەنیا لە یەک شوێندا ئاماژە بە کاریگەریی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی لەسەر هەندێ نەتەوە دەکرێت، ئەویش تەنیا لە سنووری ئاماژەپێدانە. ئەمەش بووەتە بۆشایی و کەلێن و کەموکوڕیەک لە کتێبەکەدا.

**لیستی سەرچاوەکان**

**- سەرچاوە بە زمانی کوردی**

**- کتێب**

- دەشتی، عوسمان (2013)، ئەزمونی شیعری موکریان و شوێنی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا، بلاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، هەولێر.

- شوان، ابراهیم احمد (2012)، ئەدەبی کۆنی کوردی، چاپی یەکەم، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین، هەولێر.

- کەفائی، عەبدولسەلام (2011)، ئەدەبی بەراوردکاری (لێکۆڵینەوە یەک لەبارەی تیۆری ئەدەبی و شیعری داستان، و/ هەژار رەحیمی، چاپی یەکەم، دەزگای موکریانی، هەولێر.

- گەردی، عەزیز (1978)، ئەدەبی بەراوردکاری، چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد، بەغداد.

- مەعروف، کەمال (2007)، زانستی ئەدەبی بەراوردکاری، چاپی یەکەم، بەرێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی، سلێمانی.

**- نامەی ئەکادیمی**

- عەبدولغەفوور، هەژار ئەحمەد (2013)، ڕوانینێکی ڕەخنەیی لەسەر نووسینەوەی مێژووی ئەدەبی کوردی، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی - فاکەڵتیی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان، سلێمانی.

**- گۆڤار**

- عەبدوڵلا، ئیدریس (2008)، پوختەیەک لەبارەی ئەدەبی بەراوردکاری و قوتابخانەی سلاڤی لە ئەدەبی بەراوردکاریدا، گۆڤاری ڕامان، ژ/ 138.

**- سەرچاوە بە زمانی فارسی**

**- کتاب**

- پراور، زیگبرت سالمن (1397)، درامدی بر مطالعات ادبی تطبیقی، ت. دکتر علی رضا انوشیروانی و مصطفی حسینی، چاپ سوم، سمت، تهران.

- سلطانی، منظر (1380)، بررسی سیر تزکره ها و تاریخ ادبیاتهای فارسی در ایران از 1285 هـ ش (مشروطه) تا ساڵ 1332 هـ ش، مجله دانشکده ادبیات و علوم انسانی دانشگاه تهران.

- فتوحی، محمود (1387)، نظریه تاریخ ادبیات با بررسی انتقادی تاریخ ادبیات نگاری در ایران، چاپ اول، انتشارات سخن، تهران.

ـ قاسم زاده، سید علی (1396)، همزیستی ادبیات تطبیقی و نظریه های ادبی، چاپ اول، انتشارات جهاد دانشگاه قزوین.

ـ مقدسی، لبوالحسن امین (1386)، ادبیات تطبیقی با تکیه بر مقارنه ملک الشعرا ((حمد تقی بهار)) و امیر شعرا ((احمد شوقی))، چاپ اول، انتشارات دانشگاه تهران، تهران.

ـ ندا، طه (1393)، ادبیات تطبیقی، ت. هادی نظری منظم، چاپ سوم، نشرنی، تهران.

ـ هلال، محمد غنیمی (1390)، ت. دکتر سید مرتضی آیت اللهزاده شیرازی، چاپ دوم، انتشارات امیر کبیر، تهران.

**ـ مجله**

ـ سمیعی، احمد (؟)، گزارش ارا گوستاولانسون درباره روش تاریخ ادبیات نگاری، نامه فرهنگستان 15/ 4.

ـ سیدی، سید حسین (1389)، تحلیل انتقادی تاریخ ادبیات نگاری، مجلهی انجمن ایرانی زبان و ادبیات عربی، علمی پژوهشی، شماره 14.

## المقارنة الأدبية في تاريخ الأدب: دراسة تطبيقية على كتاب "الأدب الكوردي القديم" لإبراهيم أحمد شوان. "

**الملخص**

يهدف هذا البحث إلى دراسة الأدب المقارن باعتباره أحد الأسس المنهجية في التأريخ الأدبي، وذلك من خلال اتخاذ كتاب (الأدب الكوردي القديم) لإبراهيم أحمد شوان نموذجاً للتحليل، ويسعى البحث إلى بيان مدى اعتماد المؤلف على الأدب المقارن في بناء رؤيته التاريخية للأدب، والكشف عن فاعلية هذا المنهج في إضفاء الطابع العلمي والموضوعي على المادة التاريخية.

وقد اعتمد البحث المنهج الوصفي والتحليلي والنقدي، وتوزع على قسمين رئيسيين، خُصص الأول لعرض مفهوم تاريخ الأدب والأدب المقارن وبيان طبيعة العلاقة بينهما، أما الثاني فتناول تحليل تجليات الأدب المقارن في الكتاب وتقويم آليات توظيفه.

وأظهرت نتائج البحث أن المؤلف اعتمد الأدب المقارن بوصفه مرتكزًا منهجيًا في كتابة تاريخ الأدب، وأسهم ذلك في إبراز العلاقات بين الظواهر الأدبية وتحديد جوانب التأثير والتأثر بينها، غير أن تطبيق هذا المنهج لم يكن بصورة متكاملة وثابتةً في جميع مباحث الكتاب، الأمر الذي أدى إلى بروز بعض أوجه النقص في تطبيق هذا المنهج.

الكلمات مفتاحية: إبراهيم أحمد شوان، النقد الأدبي الكردي، التصنيف الأدبي، التحليل النصي، الخطاب الأدبي